
# یاریزانانی یانەی هەولێر هەڕەشەی کشانەوە لەپاڵەوانێتیەکانی کوردستان بۆ پایسکلسواری دەکەن

یانەی هەولێر خاوەن مێژوویەکی گەورەیە لەیاری پایسکلسواری لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، ئەم یانەیە چەندین جار توانی نازناوی پاڵەوانێتی کوردستان و عێـــراق بەدەســـتبهێنێت و هەروەها بەشـــدارییان لەپاڵەوانێتیەکانی یانەکانی عەرەب کردووە و هەردەم یاریزانەکانی ئەم یانەیە لەڕیزی هەڵبژاردەکانی عێراق یارییـــان کردووە و توانیتیان چەندین جـــار ملوانکە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەدەستبهێنن، وا بڕیارە لەم مانگە پاڵەوانێتی کوردستان بۆ پایسکلسواری لەسەر ئاســـتی کوڕان و کچان بەڕێوەبچێت، بەڵام یاریزانانی یانەی هەولێر لەگشـــت ئاستەکان هەڕەشـــەی کشانەوە لەم پاڵەوانێتیە دەکەن بەهۆی نەبوونی بایەخدان بە یەکێتی پایسکلســـواری کوردســـتان، ســـەبارەت بەم بابەتە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادە کردووە.

ســـەرەتا ڕاهێنەری یانەی هەولێر عەبدولقادر نورەدین ســـەبارەت بە هەڕەشەی کشـــانەوەی یاریزانەکانی لەخولی کوردستان بەمشـــێوەیە هاتە ئاخافتن: من پشـــتگیری لەیاریزانەکانم دەکەم، چونکە خولی کوردستان هیچ سودێکی نییە چ بۆ یاریزانەکان چ بۆ یانە بەشداربووەکان، بۆ نموونە وا بڕیارە خولی کوردستان بۆ پایسکلســـواری لەوەرزی ئەمســـاڵ بەســـێ قۆناغ ئەنجام بدرێت و یانەی هەولێر بەســـێ تیپ بەشـــداری لەم خولە دەکات ئەویش لاوان و پێشکەوتووان





و تازەپێگەیشـــتووان و هەر ســـێ تیپ هەردەم ڕکابەری لەسەر پلەکانی یەکەم دەکەن، ئەگەر ئەم ســـێ قۆناغە لەدەرەوەی شـــاری هەولێر بەڕێوە بچێت ئەوە دەبێت یانەکەمان (١٥) ملیۆن دینار لەم خولە بۆ هەرســـێ تیپ خەرج بکەین لەبەرانبەردا خەڵاتی ئێمە تەنیا ملوانەکەیە بەبێ پاداشت.

بۆیە داوا لەلیژنەی ئۆڵۆمپی کوردســـتان دەکەم چاوێك بەیاری پایسکلسواری کوردســـتان بخشێنێتەوە و بودجەیەك بۆ ئەم یارییە دابین بکات بۆئەوەی ئاستی پاڵەوانێتیەکانی پایسکلسواری لەکوردستان زیاتر پێشبکەوێت.

دواتر یاریزانی یانەی هەولێر ســـلێمان ســـامی دەربارەی ئەم کێشەیە گوتی: لەئاستی پاڵەوانێتیەکانی کوردستان ناڕازییم، چونکە من یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم و بەشـــداریم لەچەندین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی کردووە لەســـەر ئاســـتی عەرەب و ئاســـیا و هەروەها عێراق، لەگشـــت وڵاتەکان بایەخێکی زۆر بەیاری پایسکلسواری دەدرێت و پاداشتی باش بۆ خاوەن پلەکانی یەکەم ئامادە دەکرێت، کەچی لەکوردستان بەپێچەوانەوە هیچ پاداشتێك نادرێت، بۆیە دەبێت بەزووترین کات چاوێك بەپاڵەوانێتیەکانی کوردستان ببەخشێندرێتەوە.

دواتر یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق ئامانج شێرزاد دەربارەی ئەم پاڵەوانێتیە گوتی: یانەی هەولێر ماوەی دوو ســـاڵە دەبێتە پاڵەوانی کوردستان، کەچی ئەم یەکێتیە هیچ پاداشـــتێك ناداتە یانەکەمان، هەرچەندە ئەمە مافی خۆمانە بۆیە دەبێت لەم پاڵەوانێتیە پاداشتێکی باش بۆ پاڵەوان و خاوەن پلەکانی یەکەم و دووەم و ســـێیەم ئامادە بکرێت بەپێچەوانەوە ئێمە کشانەوەی خۆمان لەم پاڵەوانێتیە ڕادەگەیەنین.

یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق جۆڤان تۆمی هەمان بیروبۆچوونی یاریزان ئامانج-ی هەبوو و گوتی: لەگەڵ نەبوونی پاداشـــت بۆ یانەی خاوەن پلەی یەکەم، کەچی پاداشتی تایبەت بۆ یاریزانەکانیش نییە، کە دەبنە پاڵەوانی ڕکابەرییە تاکەکان ئەمەش جێگەی نیگەرانی ئێمەیە.

دواتـــر یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق ماســـیمۆ فەریق دەربارەی ئەم پاڵەوانێتیە گوتی: ســـێ ســـاڵ پێش ئێســـتا خاوەن پلەی یەکەم بڕی دوو ملیۆن دیناری وەکو پاداشـــت وەردەگرت، کە ناکاتە پارەی کڕینی پایســـکلێك بۆ یاریزانەکان، کەچی لەم دوو ســـاڵەی ڕابردوودا ئـــەم بڕە پارەیەش نەماوە، تەنیا جامەکی بچووك پێشـــکەش بەیاریزانەکان دەکەن، بۆیە ئەگەر پاڵەوانێتی کوردستان بەمشێوازە بەردەوام بێت ئەوە جارێکی دیکە بەشداری ناکەین، چونکە بەشـــداریکردن لەم پاڵەوانێتیە تەنیا زیان لێکەوتنە و هیچ ســـوودێکی نییە چ لەڕووی ئاست و چ لەڕووی ماددی.

لەکۆتاییدا یاریزانی یانەی هەولێر ڕێباز موزفەر گوتی: چەندین ســـاڵە لەسەر ئاستی کوردستان پلەی یەکەم بەدەست دەهێنین، ئەرکی یەکێتی پایسکلسواری کوردســـتان ئەوەیە خاوەن پلەی یەکـــەم خەڵات بکات بەبڕە پارەیـــەك، چۆن یەکێتیـــە وەرزشـــیەکانی تر چ تۆپی پێی یان باســـکە و بالەو تۆپی دەســـت..و تاد، یانە سەرکەوتووەکان خەڵات دەکەن، ئەوانیش دەبێت هەمان کار ئەنجام بدەن، بەڵام بەپێچەوانەوە یانەی هەولێر خەڵاتی یاریزانەکان دەکات بۆئەوەی ببێتە پاڵپشتی و هانـــدان بۆ ئێمە، بۆیە ئێمـــە وەکو یاریزانانی یانەی هەولێر هەڕەشـــەی کشانەوە لەخولەکانی کوردســـتان دەکەین ئەگەر بەم شێوازە بەردەوام بێت.

لەکۆتاییـــدا دەبێـــت باس لـــەوە بکرێت، کە یاریزانانی تیپی لاوان و تازەپێگەیشـــتووانی یانـــەی هەولێـــر هەمان هەڵوێســـتیان هەیە، دەبێت یەکێتی پایسکلســـواری کوردستان چ وڵامدانەوەیەکی بەرانبەر هەڕەشەی یاریزانانی یانەی هەولێر هەبێت!



دیمانە: کارزان کانەبی



### هیبە تەڵاڵ یاریزانی شمشێربازی یانەی ئەکاد:

# هیوادارم دایکان و باوکان هاوکاری کچەکانیان بکەن و نەبنە بەربەست

**یاری شمشێربازی یەکێکە لەو یارییە تاکانەی کە لەسەر ئاستی جیهان گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت، لەئێستاشدا لەکوردستان و عێراق گرنگی بەرچاو بەیاری شمێشربازی دەدرێت بۆئەوەی بتوانرێ پەرە بەم یارییە بدرێت و ئاست و توانای وەکو یارییەکانی تری لێ بێت، لەم ماوەیەشدا شاری هەولێر لەئێستادا لەئاستی کچان ڕۆڵی باشی هەیە لەدروستکردنی یاریزان لەم ناوانەشدا هیبە تەڵاڵ یەکێکە لەو یاریزانانە کە ئاست و ئەنجامی بەرچاوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیە و یاریزانی یانەی ئەکادە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***چۆن بوو هاتیە نێو دنیای یاری شمشێربازی؟**

-بەهۆی ئەو حەز و خولیایەی کە لەم یارییە هەمبوو، حەزم دەکرد ئاستی خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە، بۆیە هاتمە نێو دنیای شمشێربازی.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-لەئێستادا ئاستی ئەو یارییە باشە، یانەکانیش گرنگی بەم یارییە دەدەن وەکو ئەوەش نییە بلێین لەئاستێکی بەرزە، چونکە ئەو یارییە زیاتر یاری ئاسنینە لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانانی یانەکانی کوردستان ڕوو لەم وەرزشە دەکەن لەئاییندەدا باشتر دەبێت، دەتوانین ئەنجامی باش بۆ کوردستان تۆمار بکەین.

***چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێشچوونی باش بەخۆیەوە ببینێ لە کوردستان و عێراق؟**

-پێویستە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە لەگشت شارەکانی کوردستان و عێراق، یانەکانیش گرنگی زیاتر بەم یارییە بدەن. لەڕووی مادییەوە پشتگیری یانەکان بکرێت و ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئەم یارییە بهێنین، لەو باوەڕەم ئاستی زۆر بەرەو پێش دەچێت، خولی بەردەوامیش ئەنجام بدرێت بۆ یاریزانانی کچ بەتایبەتی.

*** لەشاری هەولێر گرنگی بەم یارییە دەدرێت؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەهەولێر باشە، بەڵام ڕێژەی کچە یاریزانانمان لەشمشێربازی زۆر کەمە.

***لەو یارییە زیاتر یاری شمشێر بەکارهێنانە، هیچ کات تووشی گرفت نەبوویتە یاخود بۆکچان ئەستەم نییە لەکاتی یاری کردندا؟**

-نەخێر هیچ کات تووشی گرفت نەبوویمە و پێشموایە بۆکچان یارییەکی ئاسانە و تووشی کێشە نابن هەروەکو یارییەکانی ترە، چونکە ئێمە جل و بەرگری تایبەت دەپۆشین لەیارییەکان.

***جگە لەیاری شمشێربازی هیچ یارییەکی ترت ئەنجام داوە؟**

-خۆم قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیمە لەزۆربەی یارییەکان شارەزاییم هەیە، بەڵام حەزم تەنیا لە شمشێربازییە.

***خانەوادەکەت هیچ کات ڕێگریت لێ ناکەن لەوەرزشکردن؟**

-نەخێر، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر هاوکاریشم دەکەن، هیچ کات ڕێگرم نەبوونە لەوەرزش کردن بگرە هاوکارییەکی یەکجار زۆریان کردوومە، بەهیوای ئەوەشم گشت خانەوادەکانیش وەکومن هاوکاری کچەکانیان بکەن لەماڵەوە.

***کێشەو گرفتی ئەو یارییە زیاتر لەچی دەبینیی؟**

-نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە لەشارەکان، ئەوەش کێشەیە کەناهێڵێت یاریزان زۆر ڕوو لەم یارییە بکەن. نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو و کەمی کەمپی دەرەکی لەدەرەوەی وڵات ئەوانە هەمووی کێشەن لەم یارییە. پێویستە ئەم هۆکارییانە بکرێت بۆئەوەی یاریزانانی کچ زیاتر ڕوو لەم وەرزشە بکەن.

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-ئەم یارییە گەشەکردنێکی باش بەخۆیەوە ببینێ و یاریزانی کچ زیاتر بن لەم یارییە، بتوانم ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنم لەگەڵ یانەکەم و بگەمە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق.

***یانەی ئەکاد چۆن هاوکاریتان دەکات؟**

-کەمتەرخەمیان نەکردووە ئەوپەڕی توانی خۆیان بۆمان خستۆتە گەڕ بۆئەوەی ئاستمان بەرز بێتەوە، بەهیوای ئەوەشم زیاتر پشتگیریمان بکەن.

***داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەم یارییە جیهانیە بدرێت، خولی زیاتر بۆکچان بکرێتەوە و یانەکان زیاتر پشتگیری یاریزانان بکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**


-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵان بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەئافرەتانی وەرزشکار بدەن، لەگشت شارەکانی کوردستان.

# ڤینگەر بەمانەوەی ڤان پێرسی گەشبینە

ئارسن ڤینگەر ڕاهێنەری یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی دووپاتیکردەوە کە هەوڵەکانیان بەردەوام دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بۆندی یاریزانی هۆڵەندی ڕۆبن ڤان پێرسی بۆئەوەی لەیانەی گەنەرز لەوەرزی داهاتوو بەردەوام بێت، ڤینگەر لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: ئێمە هەوڵ دەدەین کێشەی بۆندی ڤان پێرسی چارەسەر بکەین بۆئەوەی لەنزکترین کاتدا بۆندەکەی درێژ بکەینەوە، من گەشبینم، بێگومان ئێمە دەمانەوێ ئەستێرەکانی یانەکەمان لەگەڵمان بەردەوام بن، ڤان پێرسی و والکۆت و هەموو یاریزانەکانی دیکە، بێگومان مانەوەیان پابەندە بەئەنجامەکانی یانەکەمان لەکۆتایی ئەم وەرزە.

یاریزان ڤان پێرسی لەم وەرزەدا ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی ئەرسنال پێشکەش کردووە و بووە ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی بەتایبەتی دوای ڕۆیشتنی هەردوو یاریزان سیسك فابریگاس بۆ یانەی بەرشلۆنە و سەمیر نەسری بۆ یانەی مانچستەر سیتی، تا ئێستا گۆڵکەری خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرایە بەتۆمارکردنی ٢٦ گۆڵ.

شایانی باسە بەهۆی ئاست بەرزی یاریزان ڤان پێرسی چەندین یانەی گەورەی ئەورووپا وەك یانەکانی مانچستەر سیتی و ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە بەهەموو تواناکانیان هەوڵ دەدەن یاریزانی ناوبراو بۆخۆیان ڕابکێشن.





# ئۆڵۆمپیادی لەندەن.. وێستگەیەکی میترۆ بەناوی لیۆنیل میسی



لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ لەهاوینی داهاتوو، خۆئامادەکردنی شارەوانی شاری لەندەن بۆ میوانداری ئەم ڕووداوە وەرزشیە جیهانیە گەیشتە لوتکە، لەمبارەیەوە نەخشەی میترۆی شاری لەندەن لەژێر زەوی بۆ ئۆڵۆمپیاد ئاشکراکرا و ناوی ئەستێرەکان بەسەر ٣٦١ وێستگەکانی میترۆ دابەشکرا.

لەنێو ئەو ئەستێرانەی کە ناویان لەسەر وێستگەکانی میترۆ دانراوە ناوی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی لەپێشەوە دێت کە یەکێکە لەبەناوبانگترین وەرزشوانانی جیهان و بەشداری لەیارییەکانی ئۆڵۆمپیادی پەکین ٢٠٠٨ی کردووە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی ئەرژەنتین و توانیان میدالیای زێڕ لەیاری تۆپی پێ بەدەست بهێنن دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی لەهەڵبژاردەی نایجیریان بردەوە بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر، هەر بۆیە ناوی یاریزانان خافێر ماسکیرانۆ و کارلۆس تیڤیز وەك ڕێزلێنانێك بۆیان لەگەڵ میسی لەسەر وێستگەکانی میترۆی لەندەن دانراوە.

# مارسیلۆ خەون بەج



یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل مارسیلۆ یاریزانی هێلی بەرگری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی دووپاتیکردەوە کە خەون بەوە دەبینێت نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا (چامپۆنز لیگ) لەگەڵ یانەی شاهانە بەدەستبهێنێت لەم وەرزەدا، هەروەها مارسیلۆ ئەوەشی ڕاگەیاند هەموو توانای خۆی تەرخانکردووە بۆئەوەی ئاستی خۆی بەرەو پێش ببات، هەموو کاتێکیش ئەوپەڕی توانای خۆی پێشکەش دەکات چ لەکاتی یارییەکان یان لەکاتی مەشقەکان.

مارسیلۆ لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمی یانەی ڕیال مەدرید گوتی: هەر یاریزانێك کە لەئەورووپا یاری دەکات خەون بەوە دەبینێت لەگەڵ یانەکەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

# ئینتەرمیلان لەڕاهێنەر بێلسا نزیک دەبێتەوە

ڕۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سـپۆرتی ئیتاڵی ئاشـکرای کرد کەوا ماسـیمۆ مۆراتی سـەرۆکی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی گەیشتۆتە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕاهێنەری ئەرژەنتینی مارسـیلۆ بێلسـا ڕاهێنەری ئێستای یانەی ئەتلەتیك بیلباوی ئیسـپانی بۆئەوەی ئەرکی ڕاهێنانی یانەی ئینتەر وەربگرێت لەدوای تەواو بوونی یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی ئیتاڵیا.

ڕۆژنامەکە ئەوەشـی ڕاگەیاند کە بێلسـا ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ وەرگرتنی ئەرکـی ڕاهێنانی یانەی نیراتزۆری لەوەرزی داهاتوو، بەڵام چەند مەرجێکی داناوە پێش ئەوەی بۆندەکە مۆر بـکات، ڕۆژنامەکە ڕوونی کردۆتەوە کە بێلسا داوای لەمۆراتی کردووە لەگـەڵ هاتنی بۆ یانەی ئینتەر چەند یاریزانێك بکرێت کـە لەیانەی بیلبـاو یاری دەکەن کـە ئەوانیش بریتین لەیاریزانان ئیتۆراسـپی و ئۆسـکار دی مارکـۆس و مۆنیان و سۆسایتا.



شایانی باسـە تەنیا لەم وەرزەدا بەهـۆی خراپی ئەنجامەکانیەوە، یانەی ئینتەر میلان پەنای بۆ سـێ ڕاهێنەر بردووە کە پێکهاتبوون لەگاسـپەرینی و کلاودیۆ ڕانییێری و ئەندریا ستراماچۆنی.

# فالکاو: چێلسی و مان سیتی منیان دەوێت؟ ئەوە ئاساییە!

رادمێل گارسیا فالکاو هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسـپانی توانی لەڕاپۆرتە هەواڵەکانی کەمکردەوە سـەبارەت بەبایەخدانی هەردوو یانەی چێلسـی و مانچسـتەر سـیتی ئینگلییـزی بەتواناکانی ئەو، فالکاو لەیەکەم وەرزی لەخولی ئیسـپانیا ئاستێکی بەرز پێشـکەش بکات و لە٣٧ یاری بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ ٢٦ گۆڵی تۆمارکردووە.

هێرشبەری هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: ڕۆژنامەکان دەڵێن هەردوو یانەی مانچستەر سیتی و چێلسی منیان دەوێت، بەڵام من هێمنم بەرامبەر ئەم هەواڵانە، من دەزانم کە خولی ئیسـپانیا لەسەرتاسـەری جیهان سەیری دەکەن بۆیە ئاساییە ئەگەر ئاستێکی باش پێشکەش بکەم ئەوە چەندین یانە بایەخم پێدەدات.

هەروەهـا فالکاو گوتـی: من هەمـوو هەوڵەکانم بۆ یانەی ئەتلەتیکـۆ مەدرید تەرخان دەکەم بۆئەوەی سـەرکەوتوو بین لەکۆتایی وەرزدا، من خۆم یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدم هەڵبژارد و خۆشـحاڵم بەم دەست نیشـانکردنە، من زۆر خۆشحاڵم کە لەخولی ئیسپانیا یاری دەکەم چونکە باشترین خولە لەجیهان.

شـایانی باسـە یاریزان فالـکاو لەهاوینی سـاڵی ٢٠١١ پێوەنـدی بەیانەی ئەتلەتیکۆ مەدریـد کرد لەیانەی پۆرتۆی پورتوگالیەوە بەبڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ بۆئەوەی شـوێنی هەردوو یاریزان سـێرجیۆ ئەگوێـرۆ و دییگۆ فۆرلان پڕ بکاتەوە کە یانەی ئەتلەتیکۆیان بەجێهێشت.



# ...ـامی چامپیۆنز لیگەوە دەبینێت

بباتەوە، منیش هیچ جیاوازییەکم لەگەڵ ئەوان نییە، بەڵێ دەمەوێ ئەم نازناوە لەگەڵ ڕیال مەدرید ببەمەوە.

هەروەها مارسیلۆ گوتی: ڕیال مەدرید ژمارەیەکی زۆری لەیارییەکان لەپێشـە بۆئەوەی نازناوی خولی یانەکانی ئەوروپا بباتەوە، بۆیە پێویستە تیپەکەمان بەباشـترین شـێوە یاری بکات بـۆ بەدیهێنانی ئەم خەونـە گەورەیە، ڕیال مەدرید لەهەر خولێك بەشدار دەبێت پاڵێوراوە بۆ بەدەسـتهێنانی نازناوەکان، بەڵام هێشتا زۆرمان لەپێشە و پێویستە خۆمان ماندوو بکەین بۆ ئەوەی بگەینـە جامـی خولـی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، من پشت بەیاریزانەکانی یانەی شـاهانە دەبەسـتم و متمانـەی تەواوم پێیان هەیە بۆ ئەوەی جامەکە بەدەست بهێنن.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# بەچاودێری ئیدریس نێچیرڤان بارزانی خولی ڕاپەرین کۆتایی هات

بەسەرپەرشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و بە بەشداری هەشت تیپ خولی ڕاپەرین بۆ تیپە پاڵەوانەکانی خولی بارزانی نەمر ئەنجامدرا، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری کە بۆماوەی زیاتر لەدوو هەفتەی خایاند و سەرئەنجامیش هەر دوو تیپی هەولێر و سەفین گەیشتنە یاری کۆتایی، لەسەر یاریگای یانەی هەندرێن بە ئامادە بوونی هەریەك لەعیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر و بەرپرسی لقی دوو و ئیدریس نێچیرڤان بارزانی و سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری هاندەران یاری کۆتایی لەنێوان هەردوو تیپی هەولێر و سەفین ئەنجامدرا، لە یارییەکی ئاست بەرزدا هەردوو تیپ بەبێ گۆڵ یەکسان بوون دواتر بە لێدانی سزای یەکلا کەرەوە تیپی لاوانی هەولێر بووە پاڵەوانی خولەکە دوای ئەوەی یارییەکەی بە ئەنجامی (٣-٢)گۆڵ بردەوە، دواتریش لایەن ئامادەبووان بۆیەکجار مەدالیای زێڕ و زیو و بڕۆنز بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



# یانەی سۆلاڤ پاڵەوانی پاسکیل سواری کەرکوک بوو

لەشاری کەرکوك لەسەر ڕێگای لەیلان —قادر کەرەم، بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی پاسکیل سواری عێراقی لقی کەرکوك، پاڵەوانێتی پاسکیل سواری یانەکانی شاری کەرکوك لەئاستی لاوان بە بەشداری هەریەك لەیانەکانی (سەورە، حەویجە، باباگوڕگوڕ، پردێ، سۆلاڤ) ئەنجامدرا، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربووی یانەکان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

**ئاستی تاك**

١-بەڵێن ئازاد/ یانەی سۆلاڤ
٢-موراد ئەمین/ یانەی سۆلاڤ
٣-محەمەد حەسەن/ یانەی باباگوڕ گوڕ

**ئاستی تیپ**

١-یانەی سۆلاڤ
٢-یانەی باباگوڕ گوڕ
٣- یانەی سەورە





# کچانی سیروانی نوێ پاڵەوانی کوردستان بوون

بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی کوردستان، لەشاری سلێمانی بۆماوەی ٣ی ڕۆژ بە بەشداری هەریەك لەتیپی کچانی یانەکانی (سیروانی نوێ، ئەفرۆدێت، سەنحاریب، نەورۆز) پاڵەوانێتی باسکەی لاوانی یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا، ڕۆژانەش یارییەکان لەشاری سلێمانی بەشێوازی خول لەنێوان تیپە بەشداربووەکان ئەنجامدەدرا، لەیاری کۆتایی خولەکەشدا هەردوو یانەی سیروانی نوێ و سەنحاریب بەیەك گەیشتن، لەم یاریەشدا کچانی سیروانی نوێ توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و یارییەکەش بە ئەنجامی (٦٩-١٧)خاڵ ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی خولەکە و لەیاری دیاریکردنی پلەی سێیەمی خولەکەش کچانی نەورۆز لەکچانی ئەفرۆدێتیان بردەوە بەئەنجامی (٤١-١٨)خاڵ، لەکۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

## شەقڵاوە میوانداری بادمنتۆنی کوردستان دەکات

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری بادمنتۆن لەشارەکانی کوردستان و زیاتر گرنگی دان بەم یارییە، یەکێتی ناوەندی بادمنتۆنی کوردستان بڕیایداوە لەڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە لەهاوینەهەواری شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، پاڵەوانێتی بادمنتۆنی یانەکانی کوردستان لەهۆڵی یانەی شەقڵاوە ئەنجامبدرێت، یارییەکانیش بۆئاستی پێشکەوتوان دەبێت، واش بڕیارە زیاتر لەبیست یانەی شارەکانی کوردستان بەشداری بکەن لەململانێیەکانی خولەکە، نەوزاد حوسێن سەرۆکی یەکێتی بادمنتۆنی کوردستان گوتی «ئێمە ئامادەکاری باشمان کردووە بۆئەوەی ئەم پاڵەوانێتیە بەسەرکەوتویی بێتە ئەنجامدان، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و ماوەی پاڵەوانێتیەکەش ٣ڕۆژ دەخایەنێت.



## پێنجشەمەی داهاتوو قۆناغی دووەمی خولی بژاردەی تۆپی دەستی عێراق دەست پێدەکات

یەکێتی تۆپی دەستی ناوەندی عێراقی بڕیاریدا ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە کە دەکاتە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو، یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی تۆپی دەستی بژاردەی یانەکانی عێراقی دەستپێبکات. فەلاح نعێمی سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی عێراقیش ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ئەم کاتەمان بە کاتێکی شایستە زانیوە بۆئەوەی ململانێیەکانی قوناغی دووەمی تێدا ئەنجامبدەین، چونکە ئێمە دەبێت هەڵبژاردەی عێراقیش دیاری بکەین، بۆ پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە بەتایبەتی بۆپاڵەوانێتی عەرەبی لەوڵاتی ئوردەن کەبڕیارە یارییەکانی لەمانگی ئایاری داهاتوو دەستپێبکات و لەمانگی حوزەیرانیش هەڵبژاردەی لاوان دەچێتە وڵاتی قەتەر بۆ بەشداری کردن لەپاڵەوانێتیەکە، لەقۆناغی دووەمی خولی بژاردەی عێراقیش چەند یانەیەکی شارەکانی کوردستان بەشدارن و هیوایان وایە کە ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنین.

